Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.01 20:50:13 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

دوای دووساڵ ئاسۆ ڕەشید بیارەیی

ئەویش بوو بەهێستر*

بۆ ڕۆژی دوایی کەگەیشتمە هەولێر هەناسەم سواربوو ، ناچار چووم بۆلای دوکتۆر. ووتی :

تۆ فێری ئێرەنیت لەشوێنی پاکەوە هاتوویت. جارێ خۆت مەدە لەخواردنی ئێرە !

ئاوەکەشم پێنەئەکەوت ناچار ئاوی مەعدەنیم ئەکڕی. بەخوا بۆم بڕوشتایە خواردنیشم لێرەوە ئەبردەوە ، چونکە کەس پاك خاوێنی ڕانەئەگرت .جاری واهەبوو دەکەس لە یەك پەرداخدا ئاوی ئەخواردەوە. خۆ نەشامپۆکەم دیارما نە فلچەی دەم و دان . بەڕاستی ئەو خەڵکە زۆر سەیربوو نەیان ئەووت کچەکە فێری قەڵەبالغی نیە و لەسەفەری دوورەوە هاتووە. یەك لەدوای یەك هەریەکەیان بەکۆچێ منداڵەوە دەهاتن و تا نیوەی شەو دائەنیشتن . باش بوو برایەکم زوو زوو پێمی ئەووت من ئاگام لەم میوانە ناوەختانە دەبێ تۆ بڕو لەو دیو بخەوە. ناخۆش ئەوەبوو کە جگەرەیان لەژوورەوە دەکێشا و ئاگایان لەکەسی تر نەئەبوو.

جاپرسیار لەسەر پرسیار..ئەوە ماموّستا !فلان شت بۆ وایە ؟ ئەوە مۆدیلی کام جلە ؟ کچان ئەوێ چۆن خۆیان زەعیفدەکەم ؟کاری ڕەشدەکەیت یان نا ؟ دوای چەندساڵ ژن دەتوانێ واز لەمێردەکەی بهێنێ ؟ مەعاشت چەندە ؟ فێری پاسکیل لێخورین و مەلەبوویت ؟ دەچیتە سەردەریا ؟ ئەی ئەچیتە کۆنسەرتی (زەکەریا ) ؟ مێردەکەت کاری ناوماڵدەکات ؟ مافی کامتان زۆرە ؟

هەرکەسێ منی ئەبینی ئەیووت ست فلان ئەوە بۆ وا گۆڕاوی و هێزت تیانەماوە ،ئێژی مێردەکەت نانت نادانێ ودیارە و بەرددەخۆیت.نەیان ئەزانێ کە لێرە ڕۆژانە وەرزشدەکەم وڕجیمم هەیە. خۆ ڕاستە هەندێ گەنجان کەدەگەنە ئەوروپا یەکسەر سمێڵیان ئەتاشن و ئەڵقەیە کیش دەکەنە گوێیان. بەلاّم من هێشتا ماکسیەکەی جارانم لەبەردەکەم.خەڵك لەماوەی ئەو دووساڵەدا زۆر گەڕاونەتەوە دواوە.

باش بوو ئەو مانگەی لەکوردوستان بووم ئێواران هەندێ ئوتۆمبێلم لێخوری هەرچەندە لەوێ هیچ یاسایەك ناخوات ، مرۆڤ خۆی لەسەیارە لائەدا.ئاسمانی شار یەك هەور دوکەڵی ڕەشی بەسەرەوەیە.

کە لەبازار کەلەگەڵ دشەکانمدا پیاسەمان ئەکرد ، یەکسەر دەزانرا کەلەسویدەوە هاتووم ، وەکو ئەوەی لەناوچەوانم نووسرابێ.گوێم لێبوو کەقسەیان فرێدەدا (وەی بەساقەتبم لەسویدەوە هاتوە ،چەند سفت و سپی نەرمە)، بەتایبەتی کەڕۆژێکیان چووم ئاڵتوونم کڕی. باش بوو هەقی بوکێنیم کردەوە ئەوەندەم کڕی.

ماموّستا برادەرەکانم یەك یەك هاتن بۆلام و بەخێرهاتنیان کردم . بەڕیوەبەری پەروەردە ووتی: ئەگەربەیەکجاری بگەڕیتەوە بۆ کوردوستان ئەتکەم بەیاریدەدەری خۆم. کوردوستان پێوستی تەواوی هەیە بەکادری هوشیار و تێگەیشتووی وەك تۆ کەدەمێکن لەدەرەوە و شارەزی ژیانی ئەوروپان.

سوید_٢٠٠٢_ڕوژی ژنان